# خەڵاتی نۆبڵ

زنجیرەی چوارەم

وەرگێران و نووسینی فەهد گردەوانی

خەڵاتی نۆبڵ ...مەکسیک ساڵی 1990

ئۆکتاڤیۆ پاز

## Octavio Paz1914-1998



لە 1914/3/31 لە مەکسیکۆیسیتی لە دایک بووە...لە 1998/4/19 کۆچی دوایی کرد.
باوکی پارێزەر بوو,لایەنگیری سەرۆکی هیندیەکان (ئیمیلیانۆ زاپاتا Emiliano Zapata )بووە و رەوانەی ئەمریکا کراوە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بکات لە بزووتنەوەی سانديكايی ...
لە ساڵی 1931 دا پاز گۆڤاری ئەدەبی (Barandal)دەرکرد.
لە ساڵی 1932 ـ 1937 دا لە دانشگای مەکسیکۆ ئاوتۆنۆما یاسا و ئەدەبی خوێندوە.
لەوکاتەدا شاعیرانی ئیسپانی بەتایبەت لۆرکا (Federico Garcia Lorca1936 -1898) و ئەلبیرتی خوێند.




لە ساڵی 1937دا ژنی هێناوە و بووە بە هاوسەری نووسەر (ئیلینا گارۆ 1916 –1998 Elena Garro ) و یەکەم سەفەری بۆ ئەوروپا کردووە و بەشداری {کۆنگرەی نووسەران لە دژی فاشیزم} لە شاری ڤالینسیا کردووە زۆربەی ئەو شاعیرانەی بە زمانی ئیسپانی دەنووسن لەو کۆنگرەیە بەشدار بوون وەکو: (ڤیسینتی هۆیدوبرۆ 1893 ـ 1948 Vicente broHuido )،(سیسار ڤالليخۆ1892 – 1938 Cesar Vallejo )،(پابلۆ نیرودا 1904 – 1973 Pablo Neruda)،(میگوێل هێرناندێز1910 – 1942 Miguel Hernandez )،(رافائیل ئەلبێرتی1902/12/16-1999/10/28 Rafael Alberti ) جگە لە مانەش ( لویس سیرنودا1902 – 1963 Luis Cernuda ) کە پاشان لەگەڵ زۆربەی رۆشەنبیرانی ئیسپانی تووشی تاراوگە هات و لە مەکسیک گیرسایەوە، بووە بە نزیکترین دۆستی پاز هەتا ساڵی کۆچی دوایی 1963.
لە ساڵی 1945 دا کاری دیپلوماتی کردووە...یەکەم جار لە سان فەرانسیسکۆ و نیۆیۆرک کونسولی وڵاتەکەی بووە.

پاشان چۆتە پاریس لە ساڵی 1946 هەتا 1951 لەوێ ژیاوە ، لە پاریس بە دوای سوریالیزم کەوتووە...بووە بە یەکێک لە نووسەرە سوریالیستەکان...
لە ساڵی 1968 خۆپیشاندانێکی گەورە لە مەکسیکۆ بەرێوەچوو،رژێمیش بە توندی دژی خەڵک وەستا لە ئەنجامدا دژی ئەو کارە خوێناویەی حکومەت،ئۆکتاڤیو پاز کە لە هیندستان بالیوزی وڵاتەکەی بوو دەستی لەکار کێشایەوە ئەو کارەی پاز لە جیهاندا دەنگی دایەوە و بووە ریسواکردنی رژێمی مەکسیکۆ.
گۆڤاری ئەدەبی (Vuelta)کە بەناوبانگترین گۆڤاری ئەدەبی یە بە زمانی ئیسپانی دەرکرد.
بەرهەمەکانی :
مانگی دارستان 1933 {ertsevlis anuL}...ئەژادی مرۆڤ 1937{erbmoh led ziaR}...نێوان بەرد و گوڵ 1941{rolf al y ardeip al ertnE} ... گومڕایی دابڕان 1950 {al ed otnirebal lE} {soledad...داڵ یاخود خۆر 1951 {los o aliugA}...کەوان و گیتار 1956 {aril al y ocra lE} ... هەرمێی رەشەدار 1957 {omlo led sarep saL}...ئازادی ژێر پەیڤ 1958 {ojab datrebiL palabra}... سالاماندرا 1962 {ardnamalaS} ... نشێوێکی رۆژهەڵاتی 1969 {etse aredaL} ... گەڕانەوە 1976 {atleuV}... ئاگری هەموو رۆژێ 1988 ...کوڕانی قوڕە لیتە 1974{led sojih soL limo}...زەمەنێکی بە هەور 1983{odalbun opmeiT}... چەند پیاوێ لە زەمانی خۆیدا 1985{olgis us ne serbmoH}...پیتە یەکەمینەکان 1988 ...هتد.
بەر لە مردن سەرجەمی شاکارەکانی خۆی لە 14 بەرگدا کۆکردەوە و چاپی کرد .

## ئەکادیمیای سوید



لە 20ی مارتی 1786 لە لایەن گوستاڤی سێیەم { 1792-1746 III vatsuG} بە چاولێکدن لە ئەکادیمیای فەرەنسی دامەزرا...ئامانجی دامەزراندنی ئەکادیمیا بەرەو پێش بردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی سویدی یە...یەکەم کۆبونەوە لە 5ی ئاپریلی 1786 بەسترا...هەژدە ئەندام لە سەر 18 کورسی دادەنیشن...هەتا دەمرن هەر بە ئەندامی ئەکادیمیا دەمێننەوە...هەر کورسیەک بەتاڵ بێت یەکێک هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی جێگاکە پڕ بکاتەوە واتە هەردەم هەژدە کورسیەکە گیراوە.... ئێستاکە ئەوانە ئەندامی ئەکادیمیای سویدین ، هەریەکە لەسەر کورسیەکانی خۆیان بە ژمارە دانیشتوون:
1ـ ستێن رود هۆڵم {mlohduR netS} لە 27 ی ئاپریلی 1918 لە شاری کارلستاد {datslraK} لە دایک بووە..لە 10ی شوباتی 1977 بووە بە ئەندامی ئەکادیمیا.
2 ـ بو رالف { hplaR oB}لە 4 ئوکتوبەری 1945 لە شاری یوتۆبۆری لەدایک بووە..

لە 15 ئاپریل 1999بووە بە ئەندامی ئەکادیمیا.
3ـ ستورە ئالێن {nellA erutS}لە 31 دیسامبەری 1928 لە شاری یوتوبۆری لەدایک بووە...
لە 2ئۆکتۆبەری 1980 بووە بە ئەندام...لە 1986 هەتا 1999 سکرتێری ئەکادیمیا بوو.
4ـ لاش فوشێل { llesroF sraL}لە 14 کانوونی دووەم 1928 لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە...
لە 11 مارتی 1971 بووە بە ئەندام...
5ـ یوران مالمکڤیست { ran Malmqvist}öGلە 6 حوزییرانی 1924 لە شاری یونشۆپپینگ
{ önköJ ping}لەدایک بووە...لە 11 ئاپریل 1985 بووە بە ئەندام.
6ـ بیرگیتا تروتزیگ { giztorT attigriB}لە 11 سێپتامبەری 1929 لە شاری یوتۆبۆری لە دایک بووە...لە 11 شوبات 1993 بووە بە ئەندامی ئەکادیمیا.
7ـ کنوت ئاهنلوند { dnulnhA tunK}لە 24 ئایار 1923 لە ستۆکهۆڵم لەدایک بووە...
لە 10 ئاداری 1983 بووە بە ئەندام.
8ـ ئۆستین شوستراند { östen SjÖstrand}لە 16ی حوزەیرانی 1925 لە شاری یۆتۆبۆری
لە دایک بووە...لە 15 ئایاری 1975 بووە بە ئەندام.
9ـ تورگنی لیندگرین { nergdniL yngroT}لە 16 جونی/حوزەیران 1938 لە راگشۆ
( öRaggsj)لەدایک بووە...لە 28 شوباتی 1991بووە بە ئەندام.
10ـ پێتەر ئینگلوند { dnulgnE reteP}لە 4 نیسان 1957 لەشاری بودن( Boden)
لە دایک بووە...لە 23 ئایاری 2002 بووە بە ئەندام.
11ـ ئولف لیندێ {ednil fIU}لە 15 ئاپریلی 1929 لە ستۆکهۆڵم لەدایک بووە...
لە 10 شوباتی 1977بووە بە ئەندام.
12ـ پیر ڤیسباری { äW reP stberg}لە 20 نۆڤەمبەری 1933 لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە...
لە 17 ئاپریلی 1997 بووە ئەندام...
13ـ گونێل ڤالکویست { tsiuqllaV lennuG}لە 19 حوزەیرانی 1918 لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە...لە 1ی نیسانی 1982 بووە بە ئەندام.
14ـ لاش گیلینستین { sraL netsnellyG } لە 12 نۆڤەمبەر 1921 لە ستۆکهۆلم لە دایک بووە..
لە 26 ئایاری 1966 بووە بە ئەندام.
15ـ شاشتین ئیکمان { namkE nitsreK}لە 27 ئابی 1933 ریسینگە( geRisin)لە دایک بووە...لە ساڵی 1978 بووە ئەندام.لە ساڵی 1989 وە بەشداری کۆبونەوەکانی ئەکادیمیا ناکات.
16ـ شیل ئیسپمارک {krampsE llejK} لە 19 شوباتی 1930 لە سترۆمسوند
( msundöStr)لەدایک بووە...لە 5 مارتی 1981 بووە بە ئەندام.
17ـ هوراس ئینگدال { lhadgnE ecaroH} لە 30 دیسامبەری 1948 لە شاری کارلسکرونا
( Karlskrona)لە دایک بووە...لە 16 ئۆکتۆبەری 1997 بووە بە ئەندام...لە 1ی حوزەیرانی 1999 بووە بە سکرتێری ئەکادیمیا، لەو کاتەوە هوراس ساڵانە ناوی نووسەرانی خەڵاتی نۆبل رادەگەینی.
18ـ کاتەرینا فروستینسون { nosnetsorF aniratаK}لە 5 ئاداری 1953 لە شاری ستۆکهۆڵم لەدایک بووە...لە 27 شوباتی 1992 بووە بە ئەندامی ئەکادیما.

**ئالفرید نۆبل** { lebоN derflA}



له 21 ئۆکتۆبەری 1833 له ستۆکهۆڵم له دایک بووه...لەتەمەنی نۆ ساڵیدا لەگەڵ دایک و لودڤیگی برای چوونه سانت پیتیشبورگ لەوێ لەگەڵ باوکی ئیمانۆئیل یەکیان گرتەوە.
له تەمەنی 17 ساڵیدا زمانی سویدی و روسی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی فێربوو،قسەی پێدەکرد.
له 10 دیسەمباری 1896 له شاری سان ریموی ئیتاڵیا کۆچی دوایی کردووە.
نزیکەی 30 میلیون کرۆنی سویدی له دوای خۆی به جێ هێشتووە...هەر لەسەر وەسیەتی ئەو قازانجی سەرمایەکەی دەکرێ به خەلات و بەسەر پێنج بوار دابەش دەکرێ:
(کیمیا..فیزیا..فیسۆلۆژیاودەرمان..ئەدەب..ئاشتی) .
خەڵاتی کیمیا و فیزیا لەلایەن ئەکادیمیای زانست دەبەخشرێ
خەڵاتی فیسیولوژیاودەرمان لەلایەن ئینستیوتی کارۆلینسکا دەبەخشرێ
خەڵاتی ئەدەب لەلایەن ئەکادیمیای سوید دەبەخشرێ
خەڵاتی کارکردن له پێناوی ئاشتی لەلایەن پەرلەمانی نەرویژی دەبەخشرێ
له ساڵی 1969 خەڵاتی زانستی ئابووری لەلایەن کۆمیتەی سەرەکی بانقی سویدی پێشکەش دەکرێ..ئەو خەڵاتەش خرایه سەر وەسیەتەکەی نۆبڵ.